# (منصور حكمت) ڕابەرمانە !

**هیدایەتی مەلا علی**
hidayat_malaali@yahoo. com

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەركوتگەرو دژی ئینسانی بەعس (حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق) دەورەیەك لەهەڵسوڕانی ئاشكرای لە شارەكانی ناوەڕاست و خواری عیراق دەست پێكردو وەك حیزبێكی جدی لەناو كێشمەكێش و ململانێ سیاسی یەكان. بەبەدلیل و ئاسۆو ئامانجی ئینسانی و ماركسیستیانەی خۆیەوە دەركەوت و هەر زوو بەكردنەوەی بارەگاكانی لەشارەكانی بەغداد وناسریەو موسل وكركوك و هەڵسوڕان و چالاكیەكانی لەیەكی ئایارو دەركەوتنی لیدەرو ڕابەرانی حیزب و قسەوباسەكانیان لەو بۆنەو مراسیمانەدا. دەورو نەخشی حیزب ڕادیو ڕابەربەران، لەبەرگرتن بە شەڕی قەومی لە كركوك و بلاوبوونەوەی بلاوكراوەو ڕاگەیاندنەكانی حیزب ڕوو هێنانی خەلك بۆ بارەگاكان و بوون بە ئەندام لە حیزبدا. پێكهێنانی ڕێكخراوە جەماوەریەكانی ژنان و بیكاران و كریكاران و وەلامدانەوە بە گرنگی ڕێكخستنی كریكاران لە ڕیزی سەربەخۆی خۆیاندا. جەغتكردن لەسەر لابردنی كۆنەبەعسەكان لەسەر كورسی ئیدارەكان و دانانی كەسانی شایستەو هەلبژیراولەلایەن خەلك وكریكانەوە. بەگشتی دەركەوتنی حككع وەك قوتبی رادیكالی كۆمەڵگا. ئەم جارەش وەك دەورەكانی ترو وەك پیشەی هەمیشەیان لەژیر فشاری بزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتی كە لەعیراق و ئیران و ناوچەكە بەریوەیەو قوناغ دەبریێت ژماریەك قەلەم كورت و ژەنگاوی بۆ سوكایەتی و تەشهیر بەم حیزب و بزوتنەوەیەو بۆ خۆڵكردنە چاوی خۆیان خەریكی هەلڕشتنی كۆمەلێك ژەهرون بەرامبەر بەرابەری بزوتنەوەی كۆمۆنیستی كریكاری لەناوچەكەو جیهان (منصور حكمت) ئەمانە دەیانەوێت بەعەقل و چاوی تەنها چەند مەتر بڕكەری خۆیانەوە ڕابەرێكی وەك (منصور حكمت) هەڵسەنگێن و دەیانەوێت بەنوقاندنی چاوی خۆیان لەمەیدانی واقعدا دەورو نەخشی ئەم ڕابەرە گەورەیە ئینكار بكەن. لە كاتێكدا سەرسەخترین نەیارانی (منصور حكمت) نەیانتوانیوە لەتواناییەكان و نەخشی جدی ئەو چاوپۆشی بكەن بڕۆن بروسكەكانی پرسەی (منصور حكمت) بخوێنەوە.

(منصور حكمت) وەك رابەرێكی ماركسیست خەتی بەبزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتی لە دژی نیزامی سەرمایەداری لەجیهاندا داوە لە دژی مەزهەب، ناسیونالیزم و هەر دیاریدەیەكی دژی ئینسانی بەبەدیل و جیهان بینیەكی ماركسیستیانەوە هاتووەتە مەیدان و كۆمۆنیزمی كریكاری وەك باوەڕو وەسیلەی گەشتنی بە دنیایەكی ئازادو یەكسان بۆ پێكهێناوە ئەویش حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری یە.

(منصور حكمت) كۆمۆنیزمی ماركسیزمی داوای ۷۰ ساڵ لە تە پوتۆزو لادان وەك خۆی پێشكەش بەكریكارو كۆمەڵگا كرد. كە ئەگەر ماركس زیندوبێتەوە بە قەولی ڕزیوی ئێوە نەك دادگا ئەوا مەدالیالی نۆبلی ماركسیزم لە بەرۆكی (منصور حكمت) دەدات.

(منصور حكمت) بەبیری ماركسیانەی خۆی و لیكدانەوەی واقعیانەی بۆ نەزمی نۆی جیهان. ناسیونالیزم، مەزهەب. دیموكراسی، ۱۱ سیپتەمبەرو بەرنامەی دنیایەكی باشتری وەك چرایەك بۆ ڕزگار بوون داوەتە دەست كریكارو ئیسنانیەت.

(منصور حكمت) زەخیرەیەكی گەورەی بۆ كۆمەڵگا پیكەوەناوە بۆ تیگەشتن لە موسیبەتەكانی نیزامی سەرمایەداری و چۆنیەتی ڕزگار بوون لێی. كاریگەری و دەورو نەخەشی (منصور حكمت) و حیزب و بزوتنەوەیەك كە ئەو ڕابەری دەكات بەجۆرێكە كۆمەلێك كەس كە چەند سالە خەوتوون ئاگایان لە كۆمۆنیزم نیە ئەوا ئێستا خەریكن بەناوی ماركسەوە قسەو دەكەن. ڕەسانایەتی (منصور حكمت) لە لێكدانەوەی ماركسیستیانەی فشاریكی وای هێناوە خەریكە مۆدیلیكی تر لە لادانی ماركسیزم لەلایەن كەسانێكەوە بەرهەم دەهێننەوە، بەلام خەیاڵیان خاوە.

(منصور حكمت) نەك بە باس و لێكدانەوەكانی نەك بە دەورو نەخشی جدی لە ئاستی دنیاو ناوچەكە هەلسوركەوتی شەخسی بەرخوردی ئینسانی ئەو بە ژن بە منداڵ بە چواردەورو لە خۆبووردووی وەك سونەت ئاسەواریكی وای جیهیشتووە كە ئینسایەت دەتوانیت شانازی پیوە بكات ئیمەش هەلگری ئەو سونەت و جیهان بینی یەین.

ئێمە دەروێش نین ئیمە (منصور حكمت) رابەرمانەو دنیایەك ئەو خەباتی بۆ كردو بەرنامەی بۆ داناو حیزبی بۆ پیكهێنا دەمانەوێت جێی بخەین وكۆتای بەهەر چی زولم و نابەرابەریەك هەیە بهێنین

**ئەو قەلەم کورتانە بۆ تێگەشتن لە (منصور حکمت) سەردەکەن بە ژێر کلاو چاویلکەکانی خۆیانداو ئەوەندەی خۆیان دنیا نابینین ئەوەندەش (منصور حکمت) دەناسن. من حەز دەکەم بۆ وەلام بەو کەسانە یەك نموونەی سادە بگێڕمەوە کە دلنیام هەزاران لەو نموونە لەم دنیایەدا هەیەو تەعبیر لە لە جیگەو ریگەی (منصور حکمت) دەکات.**

**لە دوای گیان لەدەستدانی (منصور حکمت) خێزانێکی ئەفغانستانی لە شاری قەیسری تورکیا هەوالیان نارد کە بۆ پرسەی (منصور حکمت) دینە مالی ئیمە. پاش بەخیرهاتن و قسەو باسیك لە لایەن منەوە لەسەر (منصور حکمت) و دەورو نەخشی، (ئاغای هاشمی) پاش ئەوەی کۆمەلیك قسەی خستە سەر قسەکانی من لە یەك ڕستەدا ووتی : ئینسانیەت قەرزاری (منصور حکمت) ە. (خانمی هما) ووتی من هەموو باسەکانی (منصور حکمت) خۆیندوتەوە لەسەر ۱۱ سیپتەمەبەر دروسترین لیکدانەوەی داوە لەسەر ژنان تەنها ئەو توانیوویەتی سەرسەختانە بەرگری لە ژنان بکات و مافەکانیان دابین بکات.**

**ئەم نموونانە سادەن بەلام بێ دەلیل نین. (منصور حکمت) ڕابەرێکە بەبیرو باوەڕی زۆر جێگا ڕۆشتووەو دەورو کاریگەری خۆی دناوە.**

**ئیستا بەچەند قەلەمێکی کورت و ڕزیوو توانای بزوتنەوەیەك کە (منصور حکمت) بەڕێیخستووە دامێنەکەی تۆز نایگرێت.**

**ئێمە مافی خۆمانە بلێین (منصور حکمت) ڕابەرمانەو شانازیش بە ڕابەری بوونی یەوە بکەین.**

**(منصور حکمت) مارکسیزمی وەك خۆی دایەوە دەست ئیمەو کۆمەلگا !**

**۲۰۰۳ / ۷ / ۲۷**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت